




ئیسماعیل کەریم

ئەلمانیا

halabjayi@hotmail.com

# بمان بەخشە دیمیترۆف

ئێمە پێمان دەوترێ میلەتی کورد، خاوەن هەرێمیکی سەربەخۆین لە سوچێکی ئەم کیشوەرە بەرینەدا،، خاوەن دەستەڵات وپەرلەمان و دەیان وەزیر و وەزارەتین لەهەموو بوارو وەزارەتە جیاجیاکاندا،، خاوەن سەرمایەیەکی زۆر و کۆشکی بەرزو نوێترین جۆری ئۆتۆمبیل و فرۆکەخانەی نێو دەولەتین،،،هاوپەیمانی ئەمەریکاو پەیوەندیەکی توندو ندو تۆلمان هەیە لە گەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو دۆستایەتەکی لە مێژینەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێمان لە هەموو ئاستەکانەوە،،، خاوەن کلتورو شۆڕش و جوگرافیاو مێژوو سنورو دەستورو زانکۆو سەرکردەی سیاسی و ئاینیی سەدان ساڵەو....هتدددد سەدان وهەزاران چەمکی تریش کە پێناس و گوزارشت بێت بۆ هەرێمێکی سەربەخۆ...،،

خاوەنی چەندین قۆناغی خەباتی بێ ووچان و کۆڵنەدانین نەک بۆ هەرێمێک بەڵکو بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆش،، میلەتیکین هێندە ماندوو لە شۆڕش و خەباتدا، لەسەرکەوتن و شکستدا،لەهەڵبەزین و دابەزیندا، لە قوربانی و خوێن بەخشیندا،لەماڵ وێرانی و خاک سوتاندا،لە وەیشومەو وشکە ساڵدا، ڕەنگە توانای ئەوە لەکەسماندا نەمابێ چەند فرسەخێکی تر لە چاوەڕوانی تەقینەوەی بورکانی شۆڕشێکی تر بین ئازادمان کات...، ئاخر دەزانیت ئەم میلەتە چەندین ساڵە کاروانی شۆڕشی بەڕێوەیەو نایەڵن بگاتە مەنزڵ؟ تەمەنێکی دوورو درێژە خەریکی دروست کردنی کۆشکی دەوڵەتەو کەچی لە لەناکاودا دەستێکی بیگانە دێت و دەیڕوخێنیت؟ سەدان بەهارە باخچەو گوڵەکانی نیشتیمان بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئاو دەدات لە پڕا بە شەختەیەکی وەیشومەی زستانی ساڵ گەڵاو گوڵی هەڵدەوەرێنن؟

دوای قەدەرێک لە خاک سوتانمان، هەڵوەشاندنەوەی یەک بەیەکی شۆڕشەکانمان، زیندانی وسوکایەتی کردن بە هەموو بەها بەرزو پیرۆزەکانمان، ئەنفالی سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسی بیتاوانمان، وشک کردنی سەدان کانی وڕوباری گوندەکانمان، بەسوتماک کردنی شارێکمان لە بەهاری وەرزی ساڵدا هەڵوەراندنی باڵی پێنج هەزار پەپولەی عاشقم لە چرکە ساتیکدا،بێ سەرو شوین کردنی هەشت هەزار ئەستێرەی گەشی دەم بەجریوەی بارزانیمان لە ئاسمانی ئەم هەرێمە بەبەرچاوی خواو مانگەشەو ئاوا کردین،،،هەتا ئێستە ئەم زامانە سارێژ نەبوون، کزەی مەرگی ڕۆڵە کوژراو لەجەرگ ودڵی دایکانمان هەر هەڵدەستێ، هەتیو کەوتەی منداڵانی بێ نازمان، کۆست کەوتەی چەندین باوکی ڕیش سپیمان،، ماڵوێرانی و خاکە سەر و کوێربونەوەی هەموو کانیاوەکانمان،، ئەوەی ویستیان پێان کردین، ئەوەی

نەشیا پێیان ووتین، شتێک نەما ناوی ژیان بێت لەم هەرێمە، ، زیندانەکان هەمووی باوک وبرای ئێمەی تێ ئاخێنرابوو، سیاه پۆشی جلو بەرگی هەر چوار فەسڵەی خوشک و دایک و دەزگیرانمان بوو، ، لە هەموو قەد باڵ و گوێ چەم و بن دارو تاشەبەردیکدا لاشەی لە خوێن گەوزاوی شەهیدێکمانی تیا ئەسفە ندە دراوە، گۆڕستانەکانمان لە هەموو شوینێکی تر ئەم هەرێمە قەڵەباڵەخ تر بوو، هەموو روخساری شارستانیەتی گەورەی میزۆپۆتامیا مانیان شێواند بوو تەنانەت جوگرافیاکەمانیش خراپ شێواند، شێواندنێک ڕەنگە بە دەیان ساڵی تریس نەتوانین نەخشەی ئەم هەرێمە لە ئامێز بگرینەوە، بەڵام ......

بەڵام کاروانی شۆڕش لە دوای شۆڕش، نەوە لە دوای نەوە بەڕێوەبوو، پەیامی یان مردن، یا سەربەخۆی دەدایە دەست یەک، ئێمە مەرگمان پێ باشتر بوو لەوەی ژێر دەستەو زەلیلی و سوکایەتی قات و قڕی هەڵبژێرین، ، هەر بۆیە بۆ ئەم کاروانە ڕوبارێک لە خوین و مێژویەک لە سوتانی ڕەزو باخ خاک و خۆڵمان پێشکەش کرد... شۆڕش بەردەوامی هەبوو لە هەنگاودا بوو بۆ ئاسۆی دەم کەل، بۆ سەربەخۆی وبەختەوەری وڵات، بۆ کۆکردنەوەی هەر چوار پارچە شکاوەکانمان، ئەو پارچانەی ئێستەشی لەگەڵدا بێت بەردەوام دەریایە خوینی لی دەڕوات، کالای کوشتن و بڕین و زیندانی کراوە بە باڵای کوردبونیدا، دڵۆپی ئازادی تێدا نیە گەرووی وشکی کوردیکی تینوی پێ بشکینێ...!!!! دیمیترۆف... ئە مە تەنها مێژویەکی کورتی ئەستێرەیەکی ئاسمانی ئەم هەریمەی لەمەڕ ئیمە بوو، دڵۆپیک بوو لەو دەریایی خوێنەی ئێمە بەخشیمانە ئەم نیشتمانەمان، بەسەر هاتی تەنها گەڵایەکی وەریووی ئەم باخچەیەمان بوو کە ناوی (کوردستانە)

(ڕەنگە ئێستە ببپرسی ئەدی لە چیتان ببەخشم؟ بەڕاستی مەرگەساتیکی قوڵە ئەوەی ئێوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارتان کردوە!!، میلەتانی دونیا گەر لە ئێوە کەمتر قوربانیان نەدابی بە شۆڕشەکانیان، ئەوا درۆم نەکردوە گەر بڵێم زیاتریان نەبەخشیوە، ئێوە میلەتیکن لە پێناو سەربەخۆی و ئازادیدا خوێنتان ڕشتوە، خوێنیش واتە سەر بڵندی خۆڕاگری)

ڕاستە ئێمە ئاوا بوینە خاوەن هەرێمی فیدراڵ ودەستەڵات و پەرلەمانی خۆمان، بەڵام سەرکردەکانمان بە هاتنیان بۆ سەر کورسی دەستەڵات هەموو هاوکێشە جوان و پیرۆزەکانیان پێچەوانە کردەوە، واتە هاوکێشەکانی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕش، بەر لە دەستەڵات و دوای دەستەڵات، بەر لە ئازادی و دوای ئازادی..

ئەم سەرکردانەمان بوون بەر لەوەی ببنە خاوەن دەستەڵات و کۆشکی بەرزو سکی تێر و کورسی ئاڵتونی دەیان ووت( جوانترین سەرکەوتن ئەو سەرکەوتنەیە خوێناوی نەبوبێ، لەوە جوانتر و پیرۆزتر سەر بڵندتر ئەو میلەتەیە کە ئازادی بە خوێن بەدەست هێنابێ) هەر ئەمان بوون وانەی خەبات و بەر خودانیان فێر دەکردین، بە سەدان ووتەی بەنرخی شۆڕشگێڕانەی جوانیایان توتی ئاسا ئەز بەر دەکردین ، مەگەر هەر ئەمان نەبوون دەیان ووت (شۆڕشگێڕ پێوستە بە دەستێک تفەنگ وبەدەستەکەی تر پێنوس بۆ ئازادی هەنگاو بنێ؟؟) هەر ئەمان بوون دەیان ووت (ژنان نیوەی کۆمەڵن، هەر شۆڕشێک پشتی لە نیوەی کۆمەڵ بێت هەرگیز خۆری ئازادی لێ هەڵنایەت) دروشمی ڕۆژانەیان( نان، کار، سەربەخۆی، ماف، زانست، ئازادی، پەروەردە، ئاوەدانی).هتد

دیمیترۆف... هەر ئەمان بوون، هەر ئەم سەرکردانەی ئێستامان بوون تۆیان بە ئێمە ناساند بە وتە جوان و بەرزو بە نرخەکەت (پیاوی شیاو بۆ شوێنی شیاو) سەدان و هەزاران ووتەی بەرزو بەنرخی تریان فێر کردنین بەر لە هاتنیان بۆ سەر سفرەو خوانی ڕازاوەی دەستەڵات، بەڵام زۆریانمان لا کاڵ بونەتەوە ئەم ووتانە، نەک لەبەر ئەوەی ئەو وتانە قەدرو نرخیان نیە لای ئێمە، بەڵکو تەنهاو تەنها لەبەر ئەوەی لە زارو دەمی ئەوانەوە دەرچوون، ئاخر بەم وتە جوانانە توانیان ئیمە بکەنە قوربانی

**پلانە گڵاوو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان سەرکردەکانی ئەوسامان و پیاوە قەڵەو بنماڵە خوا پێداوەکانی ئێستامان!!!**

**من تەنها ناوی تۆم لە بیر ماوەدیمیترۆف لە نێو ئەو هەموو خاوەن وتە بەرزو جوانانەی ئەوسادا، ئەویش بە خاتری ئەوەی لە زۆر شوین و جێگەی ئەوسای پێش بەهەرێم بونی سەربەخۆمان ئەم وتەیەی تۆ نوسرابوو(پیاوی شیاو بۆ شوێنی شیاو)**

**بەڵام ئێستە زۆر بەشەرمەوە دەڕوانمە ئەم وتەیەی تۆ چونکە لەم هەریمە سەربەخۆیەی ئیمەدا ئێستە تەنانەت لە گەڕەکێکک،شەقامێک،گوندێک، شارێک،قوتابخانەیەک،مزگەوتیک تا وەزارەت و پەڕلەمان و حوکمەت ودەستەڵاتیش  جێگەی ئەم ووتە بەرزەی تۆ نابێتەوە لامان، ، دەمێ ساڵە سەرکردەکانمان پەنجەی پەشیمانیان گەستوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە ئەم ووتە نەعلەتێی تۆیان خستە سەر زارمان، ، چونکە لایان ڕوونە گەر تەنها بۆ ڕۆژیکیش بێت پیادەی ئەم وتەیەی تۆ بکەن، دەبێت یەکەم هەنگاویان هاتنە خوارەوەی ئەوان بێت لەسەر کورسی دەستەڵات!**

**بۆیە ئێستاکە من دەڵێم بمان بەخشە دیمیترۆف یان ئەوەتا وتەکەت بگۆڕە بە (کەسی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو) یان ئەوەتا بڵێ ئەو وتەیەی جارانم سەرکردە و هەرێمێک بە ناوی (هەرێمی کوردستان) ناگرێتەوە، ، ئەگینا قەدەرێ تر دڵنیام ناوی خۆشت و وتە  بەرزەکەشت لەم هەرێمەدا نەک کاڵ دەبێتەوە لامان، بەڵکوو دەچێتە خانەی عەدەمەوە!!**

**بم بەخشە دیمیترۆف هەناسەم کورت و شەرمنیشم تا کەمێ باسی نیوەی ئەم کۆمەڵەت بۆ  بکەم کە (ئافرەتە) ئەوەی ئەوان دەیان وت هەچ شۆڕشێک پشت لەم نیوەی ئەم کۆمەڵە بکات خۆری ئازادیان لێ هەڵنایەت، ، خۆزگە تەنها جاریکیش گوێت شل دەکرد بۆ ئافرەتیکی ئەم هەرێمە بتزانیایە چ دۆزەخێکیان بۆ تاو داون ئەم سەرکردانەمان  لەم هەرێمەدا؟؟؟؟**

**بمان بەخشە دیمیترۆف**